# رووسیا باڵادەستی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رادەگەیەنێت

## ئەمەریکاو چین هێزی زیاتر رەوانەی سوریا دەکەن





**خەبات: زانکۆ جاف**

ڤلادیمێر پۆتینی سەرۆکی رووسیا، خۆی بۆ بردنەوەی جەنگی سووریا ئامادەکردووە، پاش ئەوەی جەنگی خۆنمایشکردنی بۆ وڵاتانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بردووەو خۆی کردە ئەو پیاوەی کە هاوپەیمانەکانی لە تەنگانە و نەهامەتیدا جێناهێڵێ و بووە بە یاریکەرێکی لێهاتووی سەر شانۆی جیهانی، هاوکات دوو بەرپرسی ئەمەریکی رایانگەیاند وڵاتەکەیان دوو هەزار سەربازی لە سووریا جێگیر کردووە و پێشبینی دەکەن وەزارەتی بەرگری (پێنتاگۆن) لە چەند رۆژی داهاتوو ئەو زانیارییە پشتڕاستبکاتەوە. ئەمە لەکاتێکدایە بنکەی سەربازی حومەیمی رووسیا لە رۆژئاوای سووریا ئاشکرایکرد، لەماوەیەکی نزیکدا، هێزی سەربازی تایبەتی چینی دەگەنە سووریا و بەشداری شەڕی دژ بە گرووپی بزووتنەوەی تورکستانی ئیسلامی رۆژهەڵات دەکەن.

### راگەیاندنی سەرکەوتن

ڤلادیمێر پۆتینی سەرۆکی رووسیا، خۆی بۆ بردنەوەی جەنگی سووریا ئامادەکردووە، پاش ئەوەی جەنگی خۆنمایشکردنی بۆ وڵاتانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بردووەو خۆی کردە ئەو پیاوەی کەهاوپەیمانەکانی لە تەنگانە و نەهامەتیدا جێناهێڵێ و بووە بە یاریکەرێکی لێهاتووی سەر شانۆی جیهانی. لەو کاتەی هەندێک شرۆڤە هەن لە دەستکەوتەکانی رووسیا کەمدەکەنەوەو بە بەشێک لە ستراتیژییەتی ئەمەریکای لە ناوچەکەدا ناودەبەن، بەڵام شارەزا نزیکەکان لە پینتاگۆن، لەبارەی هەڵگەڕانەوەی یارییەکەی رووسیا لە مەیدانە چۆڵەکاندا، هۆشداریی دەدەن، کە ئەمەریکا تەسلیمی دیفاکتۆیەکی نوێ دەکات و دەرفەت بۆ مۆسکۆ دەڕەخسێنێت تا مەرجەکانی خۆی لە ناوچەکەدا بسەپێنێ کە زۆرتر بە مەیدانی سیاسەت و ستراتیژی ئەمەریکا ناودەبرێ.

### داهاتووی قەیرانی سووریا

شارەزایان پێیانوایە، چارەسەرییەکانی داهاتووی قەیرانی سووریا پشت بەو نەخشە رێگایە دەبەستێت کە کرملین دایدەڕێژێ، ئەوەش واتای ئەوەیە مۆسکۆ دەبێتە مەرجەعی ژمارەیەکی زۆر دەوڵەت و کاروبارەکانی پەیوەست بە هەژموونی ئێرانی لە ناوچەکەدا بەتایبەتی لە سووریا. سەرچاوەی دیپلۆماسی ئاگادار، جیهانی عەرەبییان ئاگادارکردووەتەوە کە هاتنە ناوەوەی رووسیا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەهۆی هەڵوێستە پڕ دوو دڵییەکانی ئیدارەکانی ئۆباما و ترەمپ، وڵاتە هاوپەیمانەکانی خۆی لە ناوچەکە پاڵداوە تا جێگرەوەی دیکە بدۆزنەوە کە لە توانایدا بێت ئاسایشی ستراتیژی وڵاتانی ناوچەکە دابین بکات و رووسیاش دەبێتە ئەو لایەنەی پەنای بۆ دەبرێت، چونکە ئیتر واشنتن توانای دابینکردنی ئەو خواستانەی نییە. ئەو سەرچاوە بریتانیانە، هەڵوێستەکانی وڵاتانی کەنداو و تورکیا، کە هاوتەریبن لەگەڵ هەڵوێستی رووسی، کردوویانەتە پێوەرێک تا بگەنە ئەو باوەڕەی دیارنەبوونی ئیرادەی ئەمەریکا لەلایەک و پشتێکردنی وڵاتان لە واشنتن لە لایەکی دیکەوە، رووسیا دەکاتە شوانی ناوچەکە. شارەزا رۆژئاواییەکانی سیاسەتی دەرەوە پێیانوایە پێشبڕکێی نێوان واشنتن و مۆسکۆ لە مەیدانەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە ئاراستەی بردنەوەی رووسیا دەچێت و سەرکەوتنی پوتین لە نزیکبوونەوەی پرسی سووریادا، پێگەی رووسیا لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیاری دەکات.

### بێسەروبەریی سیاسەتی ئەمەریکا

دیپلۆماتکارانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەڵێن: ئەو بێسەروبەرییەی سیاسەتی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەردەمی ئۆباماوە تێیدا دەژی، هێشتا لەسەردەمی ترەمپ دا لە هەمان بارودۆخدایە. ریکس تیلرسن، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکاش نەیتوانییوە دیپلۆماسیەتێکی پێگەیشتوو بۆ هەڵگەڕانەوە بەسەر ئەو سیاسەتە پڕ گرژیی و هەرایە پیشکەش بکات کە ئیدارەکەی ترەمپ دەیەوێت پەیڕەو بکرێت. هەروەها رکابەریی نێوان تیلرسن و جەیرد کۆشنێری زاواو راوێژکاری ترەمپ کەتووەتە تاریکییەکەوە پێناچێت لە توانایدا بێت هیچ ئامادەگییەکی دیپلۆماسی بەرهەمبهێنێت و وەک ئەو سیاسەتە رێکوپێکە بێت کە کرملین و لاڤرۆڤی وەزیری دەرەوەی رووسیا بەرهەمیان هێناوە.

### پوتین و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

رۆجەر بوێز، شرۆڤەکاری سیاسی بەریتانی لە وتارێکدا کە لە رۆژنامەی تایمز بڵاویکردووەتەوە دەڵێت: ئەو یارییەی پوتین لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەیکات، ئەمەریکای هەڵخەڵەتاندووە، بەهۆی واقیعیبوون و شارەزایی پوتین لە بارودۆخی ناوچەکە، توانیوویەتی بەسەر ئۆباما و ترەمپ دا سەرکەوێت. تەئکیدیکردووەتەوە کە هەندێک ساتەوەخت مۆسکۆ و واشنتن پێویستیان بە هاوکارییەکی روون هەیە لە نێوانیاندا، بەڵام پوتین زۆربەی جارەکان دەیەوێت یاری بە ترەمپ بکات و بیخەڵەتێنێ، هەر بۆیە پوتن سیناریۆی زۆری بۆ سەرکەوتنی هەیە:

1- تا ئەو کاتەی کرملین جێگرەوەکەی دەدۆزێتەوە ئەسەد لە دەسەڵات دەهێڵێتەوە.
2- بنکەی سەربازی رووسی لە تەرتووس فراوان و گەورە دەکات.
3- بڕیار دەدات کێ ئۆپۆزیسیۆنی سووریایە.
4-بونیاتنانەوەی ژێرخانە وێرانبووەکەی سووریا دەخاتە ئەستۆی وڵاتانی رۆژئاوا.
5- کشانەوەی لە سەرخۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

### سیناریۆی زیاتر

رۆجەر بوێز، شرۆڤەکاری سیاسی بەریتانی لە وتارێکدا کە لە رۆژنامەی تایمز بڵاویکردووەتەوە هەروەها دەڵێت: ئەو هەڵمەتەی کە کردییە سەر داعش، ریگەی بۆ مۆسکۆ خۆشکرد 600 جۆر لە چەکەکانی تاقیبکاتەوە، لەوانەش چەکە کۆنەکانی کە لە کۆگاکاندا مابوونەوە. تەنانەت فرۆکەی ئێس -یو 25کە نەیتوانی ئامانجەکانی بە وردی بپێکێت و بەهۆیەوە 1600 رووداوی لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی سووریادا خولقاند، ئێستا بەشێوەیەکی باش پەرەی بەو فرۆکەیە داوە. کرملین سیناریۆی زۆریشی بۆ قۆناغی پاش داعش هەیە کە شرۆڤەکارەکان بە سەرکەوتنی پوتین ناوی دەبەن و تا دۆزینەوەی جێگرەوەی ئەسەد، لە دەسەڵات دەیهێڵنەوە و رووسیا بنکەی سەربازیی دەریایی خۆی لە تەرتووسی سووریا فراوان دەکات تا بتوانێت دەیان کەشتی جەنگی لە خۆ بگرێت. هەروەها مۆسکۆ سەرقاڵی نووسینەوەی راپۆرتێکە تا لە رێگەیەوە دەستنیشانی ئەوە بکات کە کێ نوێنەری ئۆپۆزیسیۆنی سووریایە و لەسەر مێزی دانوستان کۆدەکرێنەوە، هەروەها لیستێک بۆ ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانە وێرانبووەکەی سووریا بخاتە بەردەستی ئەمەریکا و یەکێتی ئەورووپا. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش، لە ماوەیەکی دیاریکراودا هێدی هێدی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکشێتەوە.

### جێگیرکردنی هێزی ئەمەریکا

دوو بەرپرسی ئەمەریکی رایانگەیاند وڵاتەکەیان دوو هەزار سەربازی لە سووریا جێگیر کردووە و پێشبینی دەکەن وەزارەتی بەرگری (پێنتاگۆن) لە چەند رۆژی داهاتوو ئەو زانیارییە پشتڕاستبکاتەوە. ئەو دوو بەرپرسە ئەمەریکییە کە نەیانویستووە ناویان ئاشکرا بکرێت، پێشبینی دەکەن پێنتاگۆن دووشەممەی داهاتوو ئاشکرای بکات، کەوا زیاتر لە دوو هەزار سەربازی لە سووریان. بەپێی قسەی ئەو دوو بەرپرسە، ئەمەریکا هێزی لە سووریا زیاد نەکردووە، بەڵام ئەمە تەنیا ژماردنی هێزەکانی ئەو وڵاتەیە لە سووریا بە وردی، کە بەردەوام گۆڕانکاری لە ژمارەیان دەکرێت. سوپای ئەمەریکا پێشتر رایگەیاند، کەوا نزیکەی 500 سەربازی لە سووریان و زۆربەیان پاڵپشتی هێزەکانی سووریای دیموکراتیک (هەسەدە) دەکەن. بەپێی دوا راگەیێندراوی فەرمی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، پێنج هەزار و 262 سەربازی لە عێراقن و 503 سەربازیشی لە سووریان، بەڵام چەند بەرپرسێک پێشتر رایانگەیاند ژمارەی هێزەکانی ئەمەریکا لەو دوو وڵاتە لەوە زیاترە.

### رەوانەکردنی هێزی چین

بنکەی سەربازی حومەیمی رووسیا لە رۆژئاوای سووریا ئاشکرایکرد، لەماوەیەکی نزیکدا، هێزی سەربازی تایبەتی چینی دەگەنە سووریا و بەشداری شەڕی دژ بە گرووپی بزووتنەوەی تورکستانی ئیسلامی رۆژهەڵات دەکەن. لەسەر پەیجی خۆی لە فەیسبووک، بنکەی سەربازی حومەیمیم رایگەیاندووە، چین نیازی هەیە دوو یەکەی سەربازی بەناوی پڵنگەکانی سیبیریا و پڵنگەکانی شەو رەوانەی سووریا بکات بەمەبەستی شەڕکردن دژ بە گرووپە چەکدارەکانی ناسراو بە بزووتنەوەی تورکستانی ئیسلامی رۆژهەڵات.

### زانیارییە هەواڵگرییەکان

بەگوێرەی زانیارییە هەواڵگرییەکان، پێشبینیدەکرێت زیاتر لە دوو هەزار و 500 چەکداری بزووتنەوەی تورکستانی ئیسلامی رۆژهەڵات لە سوویادا بن. ئەگەر ئەو هەنگاوە بنێت، ئەوە یەکەمجارە چین هێزی سەربازی رەوانەی سووریا بکات، ئەوەش لەدوای سەرکەوتنە سەربازییەکانی ماوەی رابردووی رووسیا دێن لە پشتگیریکردنی سوپای سووریا و هێزە هاوپەیمانەکانی بە کۆنترۆڵکردنەوەی چەند ناوچەیەک لە رۆژهەڵاتی سووریا.

# دڵی کوێخا و دەمامکی درۆزنان



**فارس قادر فەقێ عەبدوڵا***

سەرەتا بەر لەوەی بچمە ناو بابەتەکەم رووداوێک باس دەکەم کە بە لای منەوە زۆر گرنگە و وەک پەندێکە بۆ ئەوەی ئێمەمانان هەریەکەی لە راستخۆی سوودی لێ وەربگرێت، دەگێڕنەوە دەڵێن لە گوندی مەلا قەرەی سەر بە شاری هەولێری خۆشەویست لە کۆن برا گەورەیەکیان هەبووە بە ناوی کوێخای گوند دیارە کاکی کوێخا پیاوێکی دڵساف و عادل دەبێت و تەماشا دەکات لەناو گوندەکەیاندا بە بینینی خۆی پیاوێکی فەقیر و بێ دەسەڵات هەیە لە ناو گوند و هیچ گرفتێک بۆ خەڵکی گوند دروست ناکات. بەڵام بەپێچەوانەوە خەڵکی گوند بە تایبەت هەرزەکارەکان زۆر ئازاری ئەو پیاوە فەقیرە دەدەن و گاڵتەی پێدەکەن و بەردی تێدەگرن و رۆژانە لە ناو کوچە و کۆڵانەکاندا هات و هاواریانە و شەڕە بەردی لەگەڵ دەکەن، دیارە کوێخا هەردەم بە خەڵک دەڵێت وازی لێبێنن و ئازاری مەدەن و ئەم پیاوە هەژارە و بێکەسە و غەدری لێ مەکەن، دیارە سوودی نابێت و ئەم کێشمەکێشمە هەر بەردەوام دەبێت و هەرا و هۆسەی ناو گوند رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبێت و لە دەست کوێخا دەردەچێت، دیارە جەنابی کوێخا بۆ ئەوەی دەنگە دەنگ عیلاج بکات و ئەم پیاوە هەژارەش بە حسابی خۆی نەجات بدات لە گاڵتەپێکردن و غەدری خەڵکی گوند، ناچار دەبێت ئەم پیاوە بباتە ناو دیوەخان و ماڵی خۆی بۆ ئەوەی بیپارێزێت، دیارە رۆژێک کوێخا پیاوە بەناو هەژار و کەم عەقڵەکە بانگی لای خۆی دەکات و پێی دەڵێ وەرە لای من و لەمەودوا لای من دانیشە و لەناو ئەو هەرا و هۆسە گاڵتەجاڕییەی منداڵان وەرە دەرەوە، لەگەڵ من بە لە دیوەخان و من دەتپارێزم و چیتر رێگا بە کەس نادەم غەدرت لێبکەن و بەردبارانت بکەن، دیارە پاش چەند رۆژێک کە ئەم پیاوە بەناو شێتە لە لای کوێخا دەبێت ، کوێخا دەبینێت ماوە بە ماوە بەردێکی بچووک لە ناو ژوورەکەی بەبن گوێی دەکەوێت و کوێخا بێزار دەبێت، ئەو هەندە بەردە بە بن گوێ کوێخا دەکەوێت و کوێخا تەحەمولی نامێنێت و ناچار دەبێت تۆزێک مراقبەی شێتەکە بکات، چونکە لەو زیاتر کەسی لە لا نابێت و لە ناکاو دەبینێت ئەو پیاوە بە ناو شێت و هەژارەکە مراقەبەی کوێخا دەکات هەر کە کوێخا بەری لەولا دەکات یەکسەر بەردێک لە کوێخا دەدات، لە ئەنجام کوێخا بۆی دەردەکەوێت ئەو بەردانەی گەیشتنە ناو دیوەخان و ئەو کارانەی دەکرێت لە رێگای ئەو پیاوە منافقەیە کە بە فەقیر و شێت ناسراوە و دەبینێت ئەو منافقە خۆی حەزی لەو بەزم و رەزمەیە و خۆی سەبەبی ئەو گاڵتەجاڕییە و کارەکە پێچەوانەیە، خۆشی ئەم خەڵکەی فێرە ئەو بەزم و رەزمەی کردووە، دیارە کوێخا کە دەگاتە حەقیقەت و راستییەکان دەڵێ هەستە بڕۆ دەرەوە هەی دووڕووی درۆزن، ئێرە شوێنی تۆ نییە، تۆ بۆ ئەو گاڵتەجاڕییە باشی کە لێیەوە هاتووی، من هەڵەم تۆم گەورە کردووە و قەدرم لە تۆ ناوە، تۆ پیاوی ئەو دیوەخانە نیت، تۆ پیاوی ناو کوچە و کۆڵان و گاڵتەجاڕی ناو منداڵانی، بڕۆ ناو هاوبیر و هاوخەباتی خۆت، تۆ بیرت بۆگەنە و خەباتیشت گاڵتە و ساختە و شەڕە بەردە، دیارە دەری دەکات و پیاوەکە دەگەڕێتەوە سەر ئەسلی خۆی، هەروەک مەسەلە کوردییەکە گوتەنی (هەر تەیرێک لە دوای رەوەی خۆی دەگەڕێت) ئەویش کە قەدری دیوەخانی نەزانی، دەچێتەوە ناو رەوەی خۆی و دەگەڕێتەوە سەر ئەسلی خۆی.

ببورن هەرچەندە بابەتەکەم بە گێڕانەوەی ئەم پەندە دوورودرێژە بوو، بەڵام ئەوەی من مەبەستمە لە ئەسلی بابەتەکەم بەستانەوەی ئەو پەندەیە بە هەندێک شتی ئێستامان، بە داخەوە لای ئێمە کەسانێک کە زیاتر لە 50 ساڵە پێیان خزیوەتە ناو خیانەت، دەیانجار ریسوا بوونە وەک مەسەلەی کوێخا، کەچی ئەوە چەندینجارە دەیاندەینە پاڵ خۆمان و پەنای خۆمان دەیانشارینەوە و بزریان دەکەین و رووە رەشەکانیان بە پەردەیەکی سپی دادەپۆشین، بە داخەوە پەردەپۆشی رووڕەشان هیچ ئەنجامێکی نەبوو، تەنها ئەوە نەبێت لە ئەنجامدا زەرەرمەند بووینە و ئازاری جەستەو رۆحی خۆمانمان پێداوە و هیچی تر، هەروەها غەدریشمان لەگەڵ و نیشتمان کردووە و دەبوایە لەسەر هەڵەی مێژووی دروستکەر و گەورەکانی 2017/9/16 لە مێژوو پازمان نەدابا، دەبوایە کێشەی 50 ساڵ زیاتر بەر لە ئێستامان بۆ ئەو نەوەیەی ئێستامان جێنەهێشتبا، دەبوایە عیلاجی هەڵەمان بە هەڵە نەکردبا، چاوپۆشین لە هەڵە لە ئەنجامدا هەڵەی گەورەتری دروستکرد، کێشەی ئێمە ئەوەیە دەیان ساڵە نەمانتوانیوە پەنجە لەسەر کێشە و برینەکان دابنێین و هەموو کارەکانمان و چارەسەرییەکانمان تەنها کاتییە و وەک لێدانی بەنج لە نەخۆش، یان خوردانی حەبێکی پاراستۆل بووە، کەچی کارەکان زۆر لەوە گەورەتربوون و من وای دەبینم کەمتر نەبوونە لە نەخوشی شێرپەنجە (سەرەتان) کە کاتێک تووشی مرۆڤ دەبێت و هەمووشمان دەزانین سەرەتان گەر عیلاجی لە کاتی خۆی نەکرێت و کە تەشەنەی کرد، عیلاجی قورستر دەبێت بۆ عیلاجی شێرپەنچە و بنبڕکردنەوەی ئەگەر بەشێکی جەستەی مرۆڤیشی گرت، پێمان خۆش بێت، یان نا، تەنها چارەسەری بڕینەوەیە، بەداخەوە گەر بەراوردی بکەین، شێرپەنجەی جەستەی کوردیش، عیلاجی بۆ نەکراوە، چ ئەو بەشە نەخۆشە ببڕدرێت کە دەبێتە هۆی مردن، یان عیلاجی کیمیاوی و ژەهری دژە ژەهری بەرامبەری بە کاربێت.

دەبێ بزانین ئەمڕۆ بێت یان سبەی ئەو بەشە ناتەندروست و نامۆیەی لە جەستەی کوردە دەبێت ببڕدرێت و عیلاج بکرێت، ناکرێ ئێمە سەرووی 50 ساڵ بەو دەردەوە بناڵێین، ناکرێ وەک ڤایرۆس لێبگەڕێین ماوە ماوە خۆیان بگۆڕن و لە بەرگێکی نوێ و لە شوێنێکی نوێ سەرهەڵبدەنەوە و دەبێت جورئەت بکەین و بڕیار بدەین و دەبێ بڵێین وەک مەسەلەکە گوتەنی (سەو مزگەوت نابێت) دەبێ پێیان بڵێین ئێوە ناتوانن بچنە ناو مزگەوت، چونکە پیس و ئاوەگلی دەکەن، ماڵی ئێوە نییە و کوردستان و ئەم خاکەش ماڵ و سەیرانگەی ئێمەیە و شوێن کونە رێوی و ئێوە نییە و دەبێ بڵێین ئێوە بۆ دەرەوە، دەبێ پێیان بگوترێت فەرموون بڕۆنە ناو هاوبیر و هاوخەباتان لە (خانە و تەوێلەی) سەرشۆڕیتان چ لە بەغدا یان لە تەهران و دەبێت بە ئاگا بێین و ناکرێت چیتر دەستی ئەم چەتە و خۆفرۆشانە بگرین و لە پەنای خۆمان حەشاریان دەین، کاکی کوێخا بەردێکی بە بن گوێی کەوت، بە هۆشخۆی هاتەوە، گەر بەراورد بکرێت لەگەڵ ئێمە، ئەوە ئێمە سەرووی 50 ساڵە گەر هەر ساڵە و بە لای کەم بەردێکمان پێکەوتبێت ئەوە بووە بە زیاتر لە 50 بەرد بێشک گەر بەهۆشخۆمان نەهێینەوە بە یەکجاری لە هۆشخۆمان دەچین (دڵی باش لەگەڵ کەسی باش دەژیێت، دڵی باش لەگەڵ پیاوی نامەرد و خائین لە لێدان دەکەوێت) کە لە لێدانیش کەوت مێژوو رۆحمان پێ ناکات و بۆشمان ناپارێتەوە، چونکە پێمان دەڵێ خۆ ئەو مەسەلەتان دەزانی کە کورد دەڵێ (ئەوەی جارێک غەدری لێت کرد، خوا بیگرێت، ئەگەر بوو بە بە دوو جار، خودا تۆ بگرێت) با بەهۆشخۆمان بێینەوە، چونکە گەر وا بڕوات، خوا خراپ دەمانگرێت، تا خودا گیرنەبووین و شەرمەزاری میللەت نەبووینە با خۆفرۆشان و رووڕەشان شەرمەزار بکەین، ئەمجارەش وەک جارانی تر خۆشباوەڕ نەبین و راستە گوتراوە (چەم بێ چەقەڵ نابێت) بەڵام (چەقەڵیش هەر چەقەڵە عیلاجی نابێت) و وەفا و ئەخلاق لە قاموسی چەقەڵ هەرگیز پەیدا نابێت.

*** ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر (پ.د.ک)**

## رووسیا نۆ دەزگای راگەیاندنی ئەمەریکی خستە چوارچێوەی یاسای سیخوڕی بیانی

و ەزارەتی دادی رووسیا، نۆ دەزگای راگەیاندنی ئەمەریکی خستە چوارچێوەی یاسای "سیخوڕی بیانی" کە رادیۆی دەنگی ئەمەریکاشیان لەنێودایە. لە راگەیەندراوێکدا کە لە لایەن وەزارەتی دادی رووسیاوە بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوە کراوە کە نۆ دەزگای راگەیاندنی ئەمەریکی کە لە رووسیادا چالاکی ئەنجام دەدەن خراونەتە چوارچێوەی یاسای "سیخوڕی بیانی". ناوی ئەو دەزگایانەی لە راگەیەنراوەکەدا هاتوون بریتین لە؛ دەنگی ئەمەریکا، Radio Free Europe/Radio Liberty و، Cur-rent Time TV، و Radio Liberty، و Kavkaz. Realii Faktograf Idel. Realii Sibir. Realii و Krym. Realii.

لەسەر داوای وەزارەتی دادی ئەمەریکا لە 13ی تشرینی دووەمدا، کەناڵی RT کە لە ئەمەریکا پەخش دەکات وەک "سیخوڕی بیانی" تۆمارکرا. لە بەرامبەردا، سەرۆکی رووسیا، ڤلادیمێر پوتین لە 25 ی تشرینی دووەمدا، گۆڕانکاری یاسایی پەسەند کرد کە پێشنیازی ناساندنی "سیخوڕی بیانی" بۆ ئەو دەزگا راگەیاندنانە دەکات کە لە رووسیادا چالاکی ئەنجام دەدەن و پشتیوانی داراییان لە دەرەوەی ئەو وڵاتەوە بۆ دێت.